# خوشکی بەڕێزم چۆن هاوەڵەکەت ئەکەیتە بانگخوازێك بۆ ئیسلام ؟

[ کردي – کوردی – kurdish ]

سومەیە عبد الله

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ كيف تجعلين أختك داعية إلى الإسلام ﴾

« باللغة الكردية »


سمية عبد الله

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2011 - 1432

IslamHouse.com

# خوشـکی بەڕێزم چۆن هاوەڵەکەت ئەکەیتە بانگخوازێك بۆ ئیسـلام ؟

سـوپاس وسـتایش بۆ پەروەردگاری باڵادەسـت وبەتوانا و درود وسـەڵات وسـەلام لەسـەر پێغەمبەری ئیسلام محمد المصطفی یارویاوەر وهاوەڵە بەرێزەکانی لەهەموو چەرخ وسـەردەمێکدا هەتا ڕۆژی دوایی .

خوشـکانی بەڕێزم سـڵاوی خواتان لیّ بێت، سـڵاوی خوا لەئێوەی پەروەردەکاری نەوەکانی دواڕۆژمان، سـڵاوی خوا لەتۆیەك کە پەروەردگار کردویتی بە شـەریکە بەشـی پیاوان لەهەموو مافێکدا کاتێك کە دەفەرموێت : " إنما النساء شقائق الرجال " { رواه احمد وأبو داود} واتە : ئافرەتان  هاوبەش وشـەریکی پیاوانن .

جا خوشـکی بەێزم مادام هاوبەشـی پیاوانی وشـان بەشـانی پیاوانیش ئەرکی ئاینی ونیشـتمانی خۆتت لەسـەر شانە و دەبێت پێیان هەڵبسـیت و ئەنجامیان بدەیت، یەکێك لەو ئەرکانەی کە

پێویستە لەبیرت نەچێت و هەمیشە وهەردەم لەبیر وخولیاتدا بێت ئەوەیە چۆن بتوانیت هاوەڵ و ڕەفیقەکانت بخەیتە ناو پرۆسەی بانگەوازکردن بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام؟

ئایا تا ئێستا بیرت لەوە کردۆتەوە کە دەستە خوشکەکانت بخەیتە ناو پرۆژەیەکی بانگخوازی ئاشتیخوازانەوە؟ بۆ ئەوەی لەبری ئەوەی بانگخوازێك بەتەنها هەموو ئەرکەکانی لەسەر شان بێت وماندوو بێت بەدەستیانەوە و لەئاکامیشدا کۆڵ بدات ونەتوانێت بەردەوام بێت لەسەر ئەو شاڕێیەی کە قەرارە تامردن پابەند بێت پێوەی ؟

بەڵێ ئەوەی باسمان کرد پێویستە بکرێتە ئامانجێك وهەمیشە لەخولیای ئەوەدابیت بەشێوەی گرێبەست لەگەڵ دەستە خوشکەکانتدا واژۆی بکەیت... ئەمەش مانای ئەوە نییە کەمەرج بێت هەموویان وەك خۆتیانی لێ بکەیت، چونکە ئەمە کارێکی گران وقورس و تائەندازەیەکیش مەحاڵە، بەڵام سەرەتا و

پێش ئەو گرێبەستە دەبێت دڵنیا بین لەوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕووی دەمی کردۆتە هەموو ئومەتی ئیسلام و فەرموویەتی : " بلغوا عني ولو آية " {رواه البخاري} واتە : لەمنەوە بیگەیەنن بەخەڵکی ئەگەر تەنها ئایەتێکیش بێت .

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە هەموومان بە پیاوان وئافرەتانەوە بە گەنج ولاو پیرانەوە داوامان لێکراوە کە بەم ئەرکە ئاینیە هەڵبسین.

جا خوشکی بەڕێزم ئەوەیشی دەیڵێن لەکاتێکدا ئەرکێکی پیرۆز وگرنگە لەهەمان کاتیشدا کارێکی زۆر گران وقورس نییە و نەتوانیت جێ بەجێیان بکەیت، ئەو ئەرکانەیش کە پێویستە لەگەڵ دەستە خوشکەکانتدا لەسەریان ڕێ بکەویت بریتین لە :

**یەکەم** : ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە غەیبەتی کەس نەکەین کاتێك لەگەڵ یەکتر دانیشتین، چونکە خوای گەورە پێی فەرمووین :

(وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا

فَكَرِهۡتُمُوهُۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ) {الحجرات : ١٢} واته : له پاشملە بە خراپە باسی یەکتری مەکەن ئایا کام لە ئێوە پێ ی خۆشە کە گۆشتی برا (ئایینی یەکەی) بخوات؟ بە مردوویی بێگومان قێزتان لێ ی دێتەوەو پێتان ناخۆشە وە لەخوا بترسن بێگومان خوا تەوبە گیراکەری بە بەزەیی یە.

**دووەم :** هەموومان کاری خێر و سوود وقازانجی دین ودونیا بیر یەکتر بخەینەوە تاوەکو ئیرادەی خێر وکاری چاکە هەموو کۆمەڵگە دەگرێتەوە وکاری خراپە وئاکاری ناشیرین لای خەڵکی قێزەون دەبێت، پێغەمبەری خوداش (صلی الله علیه وسلم) فەموویەتی : " خير الناس من ينفع للناس " { رواه الطبراني في الأوسط والضياء في المختارة ، وصححه الألباني } واته : باشترین خەڵك ئەو کەسەیە کە خێری بۆ خەڵکی بوێت.

**سێهەم :** ئەبێت هەموومان ئاوێنەی ئەوی ترمان بێن بۆ ئەوەی یەکتری ئاگادار بکەینەوە لەهەلە وکەموکورتیەکانمان، چونکە

سروشتی مرۆڤ وایە کە کەم و کورتی وهەڵەکانی خۆی نابینێت، بۆیە پێویستی بەو هەیە براکەی یان خوشکە دڵسۆزەکەی بەئسلوب وئەدەبێکی جوان و دوور لە تەشهیر وناوزڕاندن پێی ڕابگەیەنێت، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : " الْمُؤْمِنُ مرآة الْمُؤْمِنِ " { رواه البخاري في الأدب المفرد (رقم: ٢٣٩)، وأبو داود (٢ / ٣٠٤)، وحسَّنه الألباني في السلسلة الصحيحة: ٩٢٦ } واتە : باوەڕدار ئاوێنەی باوەڕدارە ...

**چوارەم :** پێشکەشکردنی ئامۆژگاری بۆ یەکتر بەشێوەیەك لەچوار چێوەی شەرعی خۆی دەرنەچێت، بەم بارەیەشەوە فەرموودەیەکی سەحیح هاتووە کە دەفەرموێت : " الدين النصيحة .... " {رواه مسلم} واتە : دین هەر هەمووی ئامۆژگارییە. مەبەستم ئەوەیە ئامۆژگاریکردن نابێت لەبەرچاوی خەڵکی و لەناو مەجلیسێکدا بێت، چونکە ئامۆژگاریکردن ئەگەر لەناو خەڵکیدا بوو

ئەوا تەشهیرکردن وسوکایەتی پێکردنە نەك دلسۆزی بۆ کەسی بەرامبەر ...

جا ئێستا بیرت لەوە کردۆتەوە کە دەستە خوشکەکانت یان کەسێکیان بگریت و بیانخەیتە ناو پرۆسەی بانگەواز کردنەوە ؟ .

ئەگەر بیرت لێکردۆتەوە ئەوا هەنگاوەکانت با بەردەوام بێت و بەهیچ شێوەیەك سارد نەبیتەوە، وە ئەگەر هەنگاویشت بۆ نەناوە، ئەوا ئێستا دەستیان بگرە وهانیان بدە ومەعنەویات و وورەیان بەرز بکەرەوە و هانیان بدە لەسەر گەڕان بەدوای زانست وزانیاری شەرعیدا بۆ ئەوەی خەڵکی لەسەر چاو ڕۆشنی بانگ بکەن بۆ بیروباوەڕێکی سەحیح و دروست و ڕەوشت وئاکارە جوانەکانی ئیسلام ...

با هەمیشە ووتە وگفتوگۆکانت لەگەڵیاندا لەسەر ئەوە بێت چۆن وبەچ شێوەیەك ئەو خێر و ڕەحمەتەی ئیسلام کە بە ئێمەیە

بیگەیەنین بەخەڵکانی تر، هانی بدە و پێی ڕابگەیەنە ئەگەر بانگخوازی وبانگەواز ئێمە پێی هەڵنەسین ئەی کێ پێی هەڵبسێت ؟ چونكە وەك ئاماژەمان پێدا لەسەرەتاوە ئەرك و واجبی هەموومانە ئەوەی پێیمانە لە ئیسلام بیگەیەنین بەخەڵكی بە حیكمەت وئامۆژگاری جوان وگفتۆگۆی هێمانە و لەسەر خۆ وەك خوای گەورە فەرموویەتی : (ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ...) {النحل : ١٢٥} واتە : ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەی ئیماندار) بانگەواز بکە بۆ لای بەرنامەو ڕێبازی پەروەردگارت بەحیکمەت و دانایی (بۆ هەندێك) و ئامۆژگاری جوان و بەجێ، (بۆ هەندێکی تر)و گفتو گۆو موجادەلە بەجوانترین شێوە (لەگەڵ هەندێکی تردا بە تایبەتی خاوەن کتێبەکان) ..

هەمیشە ئەوەی بیر بخەرەوە کە هەرگیز ئیغرا نەبیت بەو کەسانەی کە دانیشتون وکەسێکی بێ کەڵکن بۆ خۆیان و بۆ کۆمەڵگەکەشیان. چونکە کەس ئەو کەسەیە بتوانێت جێ دەستی

خۆی لەناو كۆمەلگەدا دیاری بكات و خزمەتێك بە خەڵكی بگەیەنێت، ئەوەشی بیر بخەرەوە كە بانگخواز لای خوای گەورە پاداشتی وەك پاداشتی ئەو كەسە وایە كە تۆ ئەو كارە خێر وچاكەیەی پیشان دەدەیت بەبێ ئەوەی لە پاداشتی ئەو كەسە خۆیشی كەم بكاتەوە، وەك پێغەمبەری خودا ( صلی اللە علیە وسلم ) دەفەرموێت : " الدال علی الخیر مثل أجر فاعلە " { رواە مسلم} واتە : ڕێنیشاندەری خێر وەك كەسی كارچاك ئەجر وپاداشتی هەیە ..

ئەوەیشت لەبیر نەچێت ئێستا خوشكانێكی زۆر هەن لەم بوارەدا خەریكن وكاری سەرەكیان بانگەواز وپێگەیاندنی بانگخوازانە جا پێویستە ئەگەر تۆیش حەز وئارەزووی ئەوەت هەیە پاداشتێكی زۆرت دەست بكەوێت بەتەمەنێكی كورتەوە ئەوا بگە بەكاروانی ئەو خوشكانەی كە بانگەوازی خەڵكی دەكەن بۆ ڕێگا جوان وشیرنەكەی ئیسلام یان بەو خوشكانەی كە بانگخوازان پێ دەگەیەنن ..

به ئومێدی ئەوەی إن شاء اللّٰه هەمووومان بانخگوازێکی بەحیکمەت و دانا وهۆشیار بین و سەرەتا بتوانین بە ڕەوشت وسلوکی جوانمان خەڵکی بانگ بکەین بۆ ئیسلام پێش ئەوەی بە ووتەکانمان خەڵکی بۆ بانگ بکەین .